# بــە هاتنە سەر شەقــام، روبــەڕوی شەڕانگــیزی دەبینــەوە

**شوان جەلال**

Shwanjalal2005@yahoo.com




**رۆژی دووشەممە ، بەرواری 27/8/ 2007 بە ئامادبوونی سەدەها ئەندام و دۆست و لایەنگری حزبی شیوعی کوردستان، کۆمیتەی محەلی گەرمیانی ریپێوانیکیان لە شاری کەلار سازکرد لە دژی تۆپارانکردنی سنورەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن وولآتانی تورکیا و ئێران و ئەو کردە تێرۆرستیانەی کە لە قەزای سنجار دەوربەری ڕیدا و سەداها هاولآتی کوردی یەزیدی بوونە قوربانی .**

**ئەوەی شیوعیەکانی گەرمیان لەم رۆژدا پێی هەستان بەڕامن کاریکی گونجاو و لە جیگای خۆیدا بوو چونکە لەم سەردمەی ئێستادا کە پێی دەگوترێت "مۆدێرنە"، گرتنی یەخەی شەقام دروسترین ڕێگەیە بۆ خستنەڕوی داخوازی و نیگەرانی و نارەزایی کانی مرۆڤ . تۆپبارانکردنی ناوچە سەر سنوریيەکانی کوردستان لە لایەن سەلآتدارە شەرانگیزەکانی وولآتانی ئێران و تورکیا و تەقینەوەکانی قەزای شەنگار ئەگەرچی ئەنجندایەکی تایبەتیان لە پشتەوەیە و، نەتەوە و نشتمانێك دەکەنە ئامانج ، بەلآم دواجار مرۆڤ و گیانلبەر و سروشتیش دەبێتە قوربانی. بۆیە نەك تەنها ئەرکێکی نیشتمانیە کە ئیدانەی بکەین، نارەزایی لەسەر دەربڕین، ڕێپێوانی بۆ ساز بکەین ، بەیاننامەی دژی دەربکەین ، مانی بۆ بگرین، سەرزەنشتنی بکەی ، بەڵکو ئەرکێکی ئینسانی وئەخلاقیشە.**




**هەڵبەت من پێم وایە سازادانی ڕێپیوانێکی هێمنانەی لەو جورە هەنگاوێکی بە جورئەت و بوێرانەیە . ئەو ڕێپیوانە تەنانەت ئەگەر هیچ ئاکامێکیشی لێنەکەوێتەوە دواجار دەلالەت لە نارەزای و نیگەرانی سەدەها مرۆڤی دیموکراتخواز و ئینساندۆست دەکات ، کە بەهاتنە سەر شەقام تەعبیر لە نارەزوایی بوونی خۆیان دەکەن بەرامبەر وولآتە شەڕانگیزەکانی دراوسێ ی هەرێمەکەمان ( مەبەستم تورکیا و ئێرانە ) .**

**نایشارمەوە چەندە نیگەرانم  کە دەبینم هاونتیشتیمانانم دیسانەوە ئاوارە بوون ، بێ لانە بوون ، نا جیگیر بوون ، زەرەرمەند بوون ، تیرۆر دەکرین ، هیندەش نیگەرانم کە دەبینم سەرك کۆمار و سەرۆکی هەریم بە "بیٚ دەنگی" دەبینم .**

**کاتیك سەرقاڵی نوسینی ئەم ووتارە کورتە بووم ، ترسی ئەوەم لا دروست بوو، کە ئەو ڕێپیوانە مەدنیە لە چوارچیوەیەکی ئایدەلۆژی تەسك بخوێنرێتەوە.**